# ئەو لە دۆزەخە، چوون سەیری بکەن، بینیان جلێکی دزیوە

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پیاوێک هەبوو بارگەچی* پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بوو بە ناوی کەرکەرە، ومرد، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ئەو لە دۆزەخە»، چوون سەیری بکەن، بینیان جلێکی (عابایەکی) دزیوە لە دەستکەوتەکانی جەنگ». *(بارگەچی واتە: بەرپرسیار وهەڵگری جل وشتومەکەکان)

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پیاوێک بوو بە ناوی کەرکەرە بەرپرسیار بوو لە جل وشتومەکەکانی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، وپیاوەکە مرد، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هەواڵی ئەوەی دا کە ئەو لە دۆزەخە بە هۆی تاوانەکەیەوە سزا دەدرێت، یان ئەوەتا ئەو لە دۆزەخە ئەگەر خوای گەورە لێی خۆش نەبێت، وهاوەڵان چوون سەیری بکەن وهۆکاری ئەم سزایە بزانن، بینیان جلێکی (عابایەکی) دزیوە لە دەستکەوتەکانی (غەنیمەکانی) جەنگ.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4945